# کۆنگرەی قاهیرە کێشەکانی کوردستان گەورەتر دەکاتەوە

هاشم عەبدوڵڵا محێدین

کۆنگرەی قاهیرە کە لە ٢٨-٤-٢٠٠٧ لەلایەن ژمارەیەک هێزی عێراقی و بەسەرپەرشتی حکومەتی میسر بەڕێوەچوو هەراو هۆریایێکی زۆری لێکەوتەوە.

حکومەتی هەرێم و هەردوو پارتە دەستەڵاتدارەکەی کوردستان زۆر سەرسەختانە لەهەمبەر یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە هاوپەیمانی خۆیان و ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستانە هەڵوێستیان گرت و بەوە تۆمەتباریان کرد کە لەگەڵ هێزە نەیارەکانی کورستان کۆبۆتەوەو دژ بە فیدراڵیەت و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ واژۆی کردووە، هەرچی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیشە ئەو تۆمەتەی رەت کردەوەو رایگەیاند کە ئەوان بە ئاگاداری و رەزامەندی سەرۆکی حکومەت بۆ ئەو کۆنگرەیە رۆیشتوون، واژۆیان لەسەر پرۆژە پێشنیارکراوەکە نەکردووە، چونکە هێشتا نەبۆتە بەرنامە و تەنیا واژۆی ئامادەبونیان کردووە. یەکگرتووی ئیسلامی جەخت دەکاتەوە کە دوای هاتنەوەیان لە کۆنگرەی قاهیرە جێگری سەرۆکی هەرێمیان بینیوەو ئەو مەسەلەیان باس کردووە، دواتریش لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان راشکاوانە باسیان کردووەو راستی رووداوەکانی ناو کۆنگرەکەیان گێڕاوەتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم بەوە تۆمەتباریان دەکات کە زانیاریەکانیان شاردۆتەوەو هەوڵیان داوە ژێراوژێر کارەکانی خۆیان درێژە پێبدەن!

کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم لەوە نیگەرانن کە گوایە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ حزبی ئیسلامی عێراقی و ویفاق و کەسانی وەکو ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکی دانیشتوون و نیازیانە هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا بکەن.

لەسیستەمی دیموکراسیدا کەسەکان ئازادن لە دروست کردنی حزب و رێکخراوی سیاسی، رێکخراو و لایەن و هێزەکانیش ئازادنە کاردەکەن و حکومەت رێگریان لێ ناکات، بەڵام ئایا توونددکردن لە یەکگرتوو، هەڕەشەکردنی ئاشکرا پێوەندی بە دانیشتن لەگەڵ ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکی هەیە و لەگەڵ دیموکراسی و پرنسیپی یەکتر پەسندکردن دێتەوە یان نا؟!

لە سیستەمی دیموکراسیدا کەسەکان دەتوانن لە دەورەی یەکتر کۆببنەوەو کەسایەتیەکێ مەعنەوی گەورەتر دروست بکەن، واتە مەرج و شەرت بۆ کەسەکان داناندرێ و هەمووان دەتوانن ئازادانە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری درێژە پێبدەن، ئەگەر بەو پێیە بێ ئەوە هەموو مرۆڤەکانی کوردستان بۆیان هەیە رێکخراوی سیاسی و جڤاکی و رووناکبیری دروست بکەن و درێژە بە چالاکیەکانی خۆیان بدەن.



گومانی تێدانیە کە دەوڵەتانی دەوروبەر راشکاوانە هەوڵدەدەن کە دەستی شیعەو کورد لە بەغداد و عێراقدا کورت بکەنەوە، بەوهۆیەشەوە دەزگای سیخوڕی ئەو وڵاتانە بەدوای دەلیڤەو جێگرەوەیەک دەگەڕێن کە لە ئامانجەکانیان نزیک بکاتەوە. زۆرینەی ئەوانیش گەیشتن بە ئامانجەکانیان لەوەدا چڕ دەکەنەوە کە گروپ و کەسانی سەربەخۆیان بهێننە سەر کورسی دەستەڵاتی بەغداد، هەڵبەت ئەمریکاو ئەوروپاو وڵاتانی دەوروبەریش بە مافی رەوای خۆیان دەزانن کە شێلگیرانە بەدوای دۆست و لایەنگری خۆیاندا بگەڕێن.

کاتێک کە سەدام و رژێمی بەعس لە دەستەڵات دابوون، ئێران و سوریا کۆمەکی گەورەیان بە ئۆپۆزیسیۆنی بەغداد کرد، بەعس ئەو هێزانەی بە بەکرێگیراو دادەناو سەرسەختانە هەوڵی بنبڕکردنی دەدان. دوای ئەوەی سەدام پەلاماری کوێتی دا ئیدی هاوکێشەکە هەڵگەڕایەوە، ئەوجارەیان دۆستانی سەدام و بەعس بە لای ئۆپۆزیسیۆن بایان دایەوە. ئەمریکا باوەشی بۆ هێزە نەیارەکانی سەدام گرتەوە. بەوهۆیەشەوە دەیان کۆنگرەو کۆنفرانس بەڕێوەچوون. دەیان جار سەرکردەی هێزە نەیارەکان بە کوردستانیشەوە بانگهێشتی واشنگتۆن کران، بارهێنران و باروبوو کران. ئەو کاتیش سەدام و بەعس ئەو هێزانەیان بە ناپاک و کرێگرتە دادەنا و دژایەتیان دەکردن، ئێستا خەریکە جارێکی دیکە هاوکێشەکە هەڵبگەڕێتەوە، ئەوانەی دوێنێ بە دۆست و هاوپەیمان دادەنران، وا لە خەڵکی دەگەیەندرا کە ئەوان گرەنتی جێبەجێکردنی بڕگەی ٥٨ ن، ئێستا وەکو دوژمن و ناحەز چاویان لێدەکرێ.

ئەیاد عەلاوی و حزبی ئیسلامی عێراقی لەو هێزانە بوون کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە دۆست و دڵسۆزی کورد ناوی دەبردن، تەنانەت کاتێک لەسەروبەندی نووسینەوەی دەستووری عێراق گرفت سەبارەت بە بڕگەی ٥٨ هاتە ئاراوە، سەرکردایەتی کوردستان بەوە خەڵکیان هێور کردەوە کە گوایە ئەوان زەمانەتیان لە غازی یاوەری سەرکۆمارو ئەیاد عەلاوی سەرۆکوەزیران وەرگرتووەو ئەوان پشت و پەنای کورد دەکەن و هەوڵی ئەوە دەدەن کە کێشەی کەرکوک چارەسەر بکرێ. ئەمە جگە لەو پەسن و ستایشەی کە بۆ سەرکردەکانی حزبی ئیسلامی عێراق دووپات دەکرایەوە!!

تەنانەت لەم مانگانەی دواییدا کە ئەیاد عەلاوی بەهاوکاری و پشتیوانی دەوڵەتانی دروروبەر هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتێکی نوێی دەدا هەندێک لە سەرکردەکانی کوردستان پشتیوانیان لێدەکرد و ئەویان بە زامنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم دەزانی. ئەوکاتیش چاودێران پێیانوابوو کە پەلەکردن لە لایەنگریکردن زیان بە کێشەی کوردستان دەگەیەنێ و دەبێ سەکردایەتی کوردستان وردبینانەتر رەفتار بکات و بە خێرایی بڕیار نەدات. ئێستاش هەمان بۆچوون لە ئارادایە، بەوهۆیەوە نابێ سەرکردایەتی کوردستان ناکامانە بکەوێتە پەلەقاژەو بۆچوونەکانی بەرانبەر رەت بکاتەوە و بە دژە ئاراستە سیاسەت بکات.

پرسیار ئەمەیە: ئەگەر عەلاوی و حزبی ئیسلامی عێراقی دڵسۆز و هاوپەیمانی کورد بوون، ئێستا بۆ بایان داوەتەوە؟! ئەگەر ئەوانیش ناحەز و دوژمن بوون ئەی بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پشتیوانی لێدەکردن و فەرشی سووری بۆ رادەخستن؟!

لەلایەکی دیکەشەوە زۆرینەی ئەوانەی خۆیان بە رژێمی بەعس فرۆشتبوو، هاوشێوەی ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکی بوون لەگوڵ کاڵتریان پێ نەگوترا و لەنێو هێزە گەورەکاندا جێگەیان کرایەوەو بەرپرسیاریەتیان پێدرا. تەنانەت بەشێک لەوان پلەی شەهیدیان پێدراو بنەماڵەکانیشیان لە بنەماڵەی شەهیدانی راستین زیاتر رێزیان لێدەگیرێ. ئەگەر ئەوانە هەموویان ناپاکن( راستیەکەی زۆریش ناپاکن) دەبێ هەموویان دادگەیی بکرێن، ئەگەر بووردراویشن ئەوە هەموویان وڵاتیی ئەم نیشتمانەن و مافی خۆیانە رێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دروست بکەن! بەڵام ئەگەر بووردن تەنیا بەو مەرجە بێت کە یەکێک لە حزبە دەستەڵاتدارەکان هەڵبژێرێ و کاری تێدا بکات، رێک بە پێچەوانە دەشکێتەوەو ریزەکانی کوردستانیان بەرەو پەرتەوازەیی دەبات.

پرسیارێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە: ئەگەر تورکیا و میسر دژ بە بەرژەوەندی کوردستان رەفتار دەکەن( گومان لەوە دانیە کە دژی خواستەکانی کوردستانن)، ئەی بۆ هەندێ لایەن پێوەندی خۆش و دۆستانەیان لەگەڵ ئەواندا دروست کردووە و نوێنەرایەتیان لەو وڵاتانەدا کردۆتەوە؟! ئەگەر هەبوونی رایەڵەی حزبەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر حەرام بێ (رایەڵەی خۆشخزمەتی حەرامە)، ئەی بۆ هەندێک هێزو لایەن هاوێر دەکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێ؟!

ئایا هیچ لە حزبەکانی کوردستان کۆمەک و هاوکاریان لە وڵاتانی دەوروبەر وەرنەگرتووە؟! ئایا تورکیا و میسر و وڵاتانی دەوروبەر لە پێشخستن و بەهێزکردنی هیچ لە حزبەکانی کوردستان رۆڵی بەرچاویان نەبووە؟!

Hashm_abdulla@hotmail.com

# عێراق بە دوای ناسنامەی عەرەبی دەگەرێ!

رۆژی گەل

لە دوای رووخانی رژێمی بەعس زۆرینەی هێزە عەرەبیەکانی عێراق بە دوای ناسنامەی عێراقیکی عەرەبیدا دەگەڕێن، کەچی زۆر راشکاوانەش پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی عیراقدا دەکەن. لە هەفتەی رابردوودا جارێکی دیکەش تاریق هاشمی جێگری سەرکۆماری عێراق لە کاتی سەردانی بۆ قاهیرە هاواری لێهەڵساو فرمێسکی بۆ ناسنامەی عەرەبیبوونی عێراق هەڵڕشت و رایگەیاند کە ناسنامەی عەرەبێتی عێراق لەمەترسی دایە، هیوای خواست کە میسر و وڵاتانی دیکەی عەرەبی بە هانایانەوە بێن و لەو رەوشە ترسناکە رزگاریان بکەن و رێگە نەدەن عێراق ناسنامەی عەرەبێتی لێ بسەندرێتەوە!

ئەگەر بەگوێرەی هەموو یاساو رێساکانی مرۆڤایەتی بێ، ناسنامەی عەرەبێتی بە سەر وڵاتی عیراقدا ساغ نابێتەوە. راستە زۆرینەی خەڵکی عێراق عەرەب زمانن و رەچەڵەکی هەندێ تیرەو هۆزیش بۆ عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی کەنداو دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی عێراق لەچەند نەتەوەیەک پێکهاتووە ناکرێ ناسنامەی نەتەوەی سەردەست بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا ساغ بکرێتەوە.

کوردستانیان لەوەتەی بەشێک لە نیشتمانەکەیان بە زۆرەکی بە عێراقی عەرەبیەوە لکێندراوە بەدوای گێڕانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیاندا دەگەڕێن، ئێستا دوای ئەو هەموو شۆڕش و قوربانیدانە ئامادە نابن خۆیان لەچنگی داگیرکران بنێنەوە. هەموو ئەوانەی سەرسەختانەش بۆ بچووک کردنەوەی خواست و مافەکانی کوردستانیان تێدەکۆشن ناکام دەمێننەوە.

تاریق هاشمی بە خۆشحاڵیەوە چاوی لە شەکانەوەی ئاڵای میسر (ئاڵای عەرەب) لەسەر بەغداد بڕیوە، ئەمەش ئەوپەڕی رەگەزپەرستی و دەمارگیری بەرجەستە دەکات. ئەو دەیەوێ راستیە مێژووییەکان ئاوەژوو بکاتەوە، چونکە کوردستانیان نە بە ئارەزووی خۆیانەوە بە عێراق لکێندراون و نە بە ئارەزووی خۆشیانەوە بۆ دامەزراندنەوەی عێراق هەوڵیانداوە. هەرچەندە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لێبڕاوانە بۆ پێکهێنانەوەو دامەزراندنەوەی عێراق کاری شەوانە رۆژی ئەنجام داوە ، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە کە کوردستانیان بە ناسنامەی عێراقی رازی دەبن. ناسنامەی عێراقی بۆخۆی سەدان پرسیار و گریمان هەڵدەگرێ، بەڵام هەرگیز ناسنامەی عەرەبێتی عێراق پەسند ناکرێ.

رەوشی هەنووکەیی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ ترساندنی کوردستانیان بەکاردەهێنرێ و گورگ ترسێنی دەکەن، دەنا زۆرینەی هەرە زۆری کوردستانیان جگە لە ناسنامەی کوردستانی بوون هیچ ناسنامەیەکی دیکە پەسند ناکەن. ئەگەر ئەمڕۆش ئەو راستیە بە خشکەیی باسی لێوە بکرێ گومان لەوە دانیە کە بەیانی زۆر راشکاوانەتر خۆیا دەبێ. ئەی باشە پێداگرتنەوە لەسەر ناسنامەی عەرەبێتی عێراق چی دەگەیەنێ ؟!

باوەڕ ناکرێ نیشتمانپەروەران و سەربەخۆخوازانی کوردستان جارێکی دیکە بەو چەمک و ناسنامەیە رازی ببن کە عێراق لە خولگەی عەرەبێتی بسووڕێتەوەو ناسنامەی دەمارگیری و رەگەزپەرستی سەرپشک بکرێتەوە. هەر بەم شێوەیەش باوەڕ ناکرێ کە ئاشووری و کلدانی و تورکمانەکان بەو ناسنامە خوێناویە رازی ببن و خۆویستانە خۆیان لە بۆتەی نەتەوەیەکی دیکەدا بتوێننەوە، چونکە هەوڵدان بۆ سەپاندنی ناسنامەی عەرەبێتی هەمان سیاسەتی بە عەرەبکردن دووپات دەکاتەوە، ئەمەش نەک پەسند ناکرێ، بەڵکو سەرتاپای رەت دەکرێتەوە.

نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە کۆنگرەی فەرماندە سەربازیەکانی عێراقدا گوتی: سەردەمی کۆدێتا لەگەڵ رووخانی رژێمی پێشوو سڕایەوە، دەرفەتی گەڕانەوە بۆ رۆژانی نەزانین و چەوساندنەوە نەماوەتەوە. هەر لەسەر ئاوازی قسەکانی ئەو کوردستانیان دەڵێن: دەبێ سەرانی حزبە عەرەبیەکانی عێراق بزانن ئەگەر دەیانەوێ عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە دەبێ بشزانن کە سەردەمی ناسنامەی عەرەبێتی عێراق سڕاوەتەوە، دەرفەتی گەڕانەوە بۆ رۆژانی نەزانین و خۆسەپاندن و چەوساندنەوە نەماوەتەوە.

سەیر لەوەدایە لەو کاتەی چاودێرانی سیاسی باس لە هەڵوەشانەوەی عێراق دەکەن، کەچی عەرەبەکان پێداگری لە ناسنامەی عەرەبێتی عێراق دەکەن.

# هەڵوێستی بارزانی لە پێوەندی هەڕەشەکانی تورکیا دا بەرز دەنرخێندرێ

رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی رۆژی پێنج شەممەی رابردوودا هەواڵی هاتنی سەربازانی تورکیای بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە ناڕاست دانا و جەختی کردەوە کە حکومەتی هەرێم، مەرجی تورکیای قەبوول نیە و شەر لەگەڵ "پ.ک.ک" دا ناکات.

ئەم هەڵوێستەی بارزانی لە کاتێکدا دێ کە سوپای تورکیا هەڕەشەی لەشکرکێشی دەکات، ئەردۆگانی سەرۆکوەزیرانی تورکیاش بە سوکایەتیەوە باس لە سەرکردایەتی کوردستان دەکات.

لە چوار ساڵی رابردوودا هەڵوێستەکانی بارزانی لەهەمبەر لەشکرکێشی تورکیادا زۆر راشکاوانەو نیشتمانپەروەرانە بوون، بەوهۆیەشەوە سەرنجی کوردستانیان و لایەنە سەربەخۆخوازەکانی بەلای خۆیەوە راکێشاوە.

هەڵوێستەکانی بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە لەهەمبەر لەشکرکێش تورکیا گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هاتووە، چونکە لە سەردەمی شەڕی نێوەخۆدا زۆر جاران گوتبووی کە ئێمە ناتوانین بەر بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان بگرین، بەڵام کاتێ گوتی ئەگەر تورکەکان بیانەوێ بێنە ناو خاکی ئێمە، دەبێ بەسەر لاشەی منەوە تێپەڕ بن، رێزو خۆشەویستی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە هەورازتر هەڵکشا.



کاربەدەستانی تورکیا بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان هاوکاری دارایی و لۆژیستیکی هێزە دەستەڵاتدارەکانی باشووری کوردستانیان کردووە و هاوشانی سوپا دژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان جەنگاون، ئەی بۆچی ئێستا ئامادە نابن دژ بە پەکەکە شەڕ بکەن، لەبەرانبەر ئەوەشدا حکومەتی هەرێم و هێزە دەستەڵاتدارکانی کوردستان جەخت دەکەنەوە کە شەڕ ئاکامی نەبووەو ئەو کێشەیە بە چەک چارەسەر ناکرێ و دەبێ زمانی دیالۆگ و دانوستاندن دەکار بکرێ.

یەکێتی ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەو باوەرە گەیشتوون کە کێشەی پەکەکە بە چەک چارەسەر ناکرێ، لەشکرکێشی و شەڕە بەردەوامەکانی سوپای تورکیا بەدرێژایی ٢٣ ساڵی رابردوو سەڵماندوویەتی کە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بە تەنیا کێشەی پەکەکە نیەو بە لێدان و لەناوبردنی پەکەکەش یەکلایی نابێتەوە.

تورکەکان بەدرێژایی دەستەڵاتی خۆیان هەمیشە گرەویان لەسەر هەڕەشە، ترساندن، تۆقاندن و کوشتار کردووە، بەڵام ئێستا لبەهۆی جیهانگیرییەوە سەردەمی هەڕەشەو چاو سوورکردنەوە بەسەر چووە، نە کوردستانیان و نە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش لێیان پەسند دەکەن، بەوهۆیەوە رەوشی دەروونی ژەنەراڵەکانی تورکیا بەرەو دارمانی زیاتر رۆیشتووە. ئەوان بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەر کاتێ بیانەوێ دەتوانن بچنە ناو خاکی کوردستانەوە. تەنانەت زۆر جاران گوتویانە کە دەتوانن بە قوڵایی ٧٠ کیلۆمەتر بڕۆنە ناو باشووری کوردستانەوە، بەڵام ئێستا بانگەشەکانیان بە وێنەی بەفری بەر هەتاو دەتوێتەوەو سەر لەبەردی شاخەکانی کوردستان دەدەن و ناکام دەمێننەوە.

چاودێران پێیانوایە کە هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە هۆی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا و پەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردەواری گۆڕانی ئەرێنی بەسەر داهاتووە، ئیدی کوردستانیان دەتوانن گەشبینانە لە داهاتووی خۆیان بڕوانن.

کامەران مەجید